# بەهار

## أزطار عومەر

گوڵە گیان

خۆ من کۆنە گۆرانی

خونیاگەرە پیرەکانی دوێنێ نیم

کە لە ئاسمانی ئاخ و ژانی ئیمڕۆ

مەرگی ئازیزانی ئەم ڕێگەیەت لە بیر باتەوە ،

من هاتووم

کۆڵێ برینی پڕ لە خوێنی خۆزگەو

کۆڵێ حەسرەت و ژان بەسەر شانمەوە

هاتووم

لە ڕقی تەمەنی درێژی ئەم زستانە

کە خەریکە بە شێلانی ئێسقانمان

دەماری تەنکی ڕۆحمان بیر دێنێتەوە

باسی بە هارێکت بۆ بکەم

کە لە منالّدانی زستان لە دایك نابێ !

لەو بەهارە

سەوزە گیاو سوێسنی ڕۆحی ئادەم

لە گوڵدانی بێشکە تازەکان

بە خوێنی جێماوی نێو تابووت ئاو نادرێ ،

گوڵە گیان
لە کۆڵانی بێ ناز چاو مەگێڕە
بۆ برینی سارێژ بووی برسیەتی
تەنها گوێ
بۆنەوای خەڵکی کۆڵان ڕادێرە
تاقە گۆرانیەك کە بە شەو و بەڕۆژ دەیلێنەوە
حیکایەتی نانێکی دزراوە
سەیری ڕوومەتیان بکە
شوێنی ماچی توندی پێنج پەنجەی پۆلیس و
لە گوێچکەی کاسیان ئاوازی شکانی دڵ
لە ئاڵای برژانگیان فرمێسکی سوێر بەرز کراوە ،
من هاتووم ڕازی نیم چیتر
شەرابی ئێش و ژانی ئیمڕۆ
بە کاسەی ساڵانی ڕابردوو بخۆنەوە
لەو بەهارە
دەبێ خۆزگەکان پێ بگرن
نیگای برسیەکان
حیکایەتی تێر بوون بگێڕنەوە ،
گوڵە گیان
خۆ من کەمانجە ژەنێکی بێ دڵ نیم
بەیانی و ئێوارە

تاقە بەستەی دەنگی زنجیرو

ترپەی بارانی خوێناوی بژەنێ

من هاتووم

بۆ ڕووناكی كزیماڵی ئێوە ناڵێم

قوڕگی چرای شەرمنتان

لە سوێ ی هەناسەی سارد ژەنگی هەڵێناوە

لەو بەهارە

ئەو چرایەی كە بە زیندانی ئێسكی نەرم

لە نێو سینەتان بەند كراوە

بۆ هەتا هەتایە ئازاد دەبێ

لە شارو گەڕەكی ئەوێندەریش

هەریەك لە ئێوە لە جیاتی چرا

دڵی بێ گەردی خۆی بە دەستەوە دەگرێ

بە ڕووناكی دڵی خۆی

بەستەی بەهارو شیعری شارێكی تر

بۆ كاتژمێری سفرو ساڵانی بە سەرچوو دەڵێ !!.